# دیموكراسی حیزبی له‌ خۆرهه‌ڵاتی كوردستان

**عه‌لی مه‌حمود محه‌مه‌د**

**به‌ڕێكه‌وت كۆنگره‌ی سێ لایه‌ن (حدكا– سازمانی كوردستانی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران–كۆمه‌ڵه‌ و كۆمه‌ڵه‌ی شۆڕشگێڕی زه‌حمه‌تكێشانی كوردستانی ئێران) له‌ ماوه‌ی نزیك به‌ یه‌كتر به‌ستران , ته‌وقیته‌كان دروستكراو بوو یان ڕێكه‌وت ئه‌وه‌یان گرنگ نییه‌ , ئه‌وه‌ی گرنگ بوو ئه‌وه‌بوو حدكا پابه‌ند بوو به‌په‌یره‌وی ناوخۆیی خۆیه‌وه‌ پاش دوو خولی ڕابردووی سه‌رۆكایه‌تی خۆی گۆڕی , ئه‌مه‌ش هه‌نگاوێكی جدی بوو بۆ به‌ دیموكراسی كردنی بونیادی ڕێكخستنی پارتی سیاسی له‌ كوردستانی خۆرهه‌ڵات.**

**هه‌رچه‌نده‌ هه‌ردوو كۆمه‌ڵه‌ خۆیان به‌ هێزی گۆڕانكاری له‌ كوردستان و داكۆكی كه‌ر له‌ ئازادییه‌كان ده‌زانن به‌ ته‌سكییه‌ كردنه‌وه‌ی سه‌ركردایه‌تییه‌ كۆنه‌كه‌یان له‌ كۆنگره‌ ده‌رچوونه‌ ده‌رێ . له‌ كۆنگره‌ی 10 و 11 ڕێكخراوه‌كانییان به‌ هه‌ڵبژاردنه‌وه‌ی به‌ڕێزان ئیبراهیم عه‌لیزاده‌ و عه‌بدوالله‌ی موهته‌دی كۆتاییان به‌ كۆنگره‌كانییان هێنا .**

**ئه‌م دوو سیمایه‌ ماوه‌ی دوو ده‌یه‌یه‌ سه‌ركردایه‌تی كۆمه‌ڵه‌ ده‌كه‌ن و له‌ مێژوی خۆیاندا هیچ سه‌ركه‌وتنێكییان بۆ كۆمه‌ڵه‌ به‌ دیاری نه‌هێنا , به‌ڵكه‌ ئه‌وه‌ی ڕابه‌رانی پێشوتر به‌ خوێنی خۆیان و هه‌زاران تێكۆشه‌ری كه‌ به‌ده‌ستییان هێنا بوو ئه‌م به‌ڕێزانه‌ به‌ بێئه‌زمونی سیاسی خۆیان فه‌وتاندیان , بۆیه‌ ئه‌گه‌ر دیموكراسی ناوخۆیش لاده‌ینه‌ لاوه‌ كه‌ گاڵته‌ جاڕییه‌ ئه‌م هه‌موو ساڵه‌ له‌ سه‌رۆكایه‌تی كۆمه‌ڵه‌دا بن, له‌ هه‌مان كاتدا سه‌ركرده‌ی سه‌ركه‌وتوش نین جێی خۆیه‌تی هه‌ڵنه‌بژێردرێنه‌وه‌ بۆ ڕابه‌رایه‌تی كۆمه‌ڵه‌ ,له‌ هه‌مان كاتدا جێی خۆیه‌تی لێپرسینه‌وه‌شییان له‌گه‌ڵدا بكرێت له‌ به‌رامبه‌ر ئه‌و هه‌موو شكسته‌ی له‌ ڕابردودا به‌سه‌ر كۆمه‌ڵه‌دا هێنایان . كۆمه‌ڵه‌یان به‌ یه‌كپارچه‌یی و خاوه‌ند نفوزی نیوه‌ی كوردستان ته‌سلیم به‌ سازمانی سه‌هه‌ند كرد , له‌و سه‌ره‌وه‌ به‌ سێ پارچه‌ كراوی وه‌رییان گرته‌وه‌ , ئێستاش شانازی به‌وه‌وه‌ ده‌كه‌ن كه‌رته‌كه‌ی خۆیان له‌ فه‌وتان ڕزگار كردووه‌ , ئه‌مه‌ گاڵته‌ جاڕییه‌.**

**سانایه‌ بۆچونی دیموكراسی ناوخۆیی حیزبی به‌ لیبراڵی بۆرژوازی تاوانبار بكرێت , به‌ڵام ئه‌م تاوانبار كردنه‌ تاكه‌ی ده‌توانێت جێكه‌وته‌ بێت ,پارت داكۆكی له‌ نه‌بونی دیموكراسی ده‌رون حیزبی بكات ؟؟. بۆیه‌ تا ئازادی له‌ ماڵی دراوسێكانتانه‌وه‌ نه‌ هاتۆته‌ ژوره‌وه‌ خۆتان ده‌رگای بۆ بكه‌نه‌ سه‌ر پشت . هیچ كۆنگره‌یه‌ك سه‌دای سه‌ركه‌وتوی نابێت ئه‌گه‌ر له‌ كۆنگره‌دا خوێنی پارت گۆڕانكاری تێدا نه‌كرێت , به‌ گۆڕینی ده‌سته‌ی سه‌ركردایه‌تی .**

**له‌ كۆتاییدا پرسیارێك ده‌كه‌م , تا كه‌ی ئه‌م به‌ڕێزانه‌ له‌ سه‌رۆكایه‌تی ده‌مێننه‌وه‌ ؟؟. ئایا كاتی ئه‌وه‌ نه‌هاتووه‌ چه‌پ له‌ كوردستاندا له‌ ده‌رونی خۆیدا پارێزه‌ری ئازادی و دیموكراسی بێت ؟؟. ئه‌گه‌ر نه‌توانرێت له‌ ناوخۆدا ئازادی و دیموكراسی جێبه‌جێ بكرێت , گه‌ل چۆن چاوه‌ڕوانی ئه‌وه‌یان لێ بكات به‌ دیاری بۆیان بهێنێت ؟؟؟؟ .**